**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٩٧٧٩ لە ٢٠٢٢/٧/٦**

پاڵپشت بە ماددەی (١٢) لە یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٢٠ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بەجێبەجێکردنی یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەم چەمك و دەربڕینانەی خوارەوە، لەم ڕێنماییانەدا ئەو مانایانەیان هەیە کەبۆیان دیاریکراوە.

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم: ئەنجومەنی وەزیران**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**سێیەم: وەزارەت**: وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

**چوارەم: وەزیر**: وەزیری تەندروستی هەرێم.

**پێنجەم: دەزگای تەندروستی**: هەموو ئەو شوێنانەن کە خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ نەخۆش دابین دەکەن لە کەرتی گشتی و لە کەرتی تایبەتدا.

**شەشەم**: وەك ڕێکارەکانی خۆپاراستن، چارەسەرکردن یان پزیشکی، پشکنینی تاقیگەیی، تیشك ، نەشتەرگەری، منداڵبوون، کوتان، دەرمان، خەواندن وچارەسەرکردنی نەخۆش لە نەخۆشخانە، پێداویستیەکانی تری چارەسەری بۆ نەخۆش و هاوڵاتیان.

**حەوتەم: نەخۆش**: هەموو مرۆڤێك پێویستی بە خزمەتگوزاری تەندروستی هەیە.

**هەشتەم: نەخۆشی**: هەموو کەمو کورتیەکی جەستەیی یا ژیری یا دەروونی، نیشانەی تایبەتی هەیە و تەندروستی مرۆڤ تێك دەدات.

**نۆیەم: هاوەڵی نەخۆش**: هەموو کەسێك دەسەڵاتی هەیە بەناوی نەخۆشەوە ئیمزا بکات بەپێی یاسا یان بەنزیکی و پلەی خزمایەتی، لەبارێکدا ئەگەر نەخۆشەکە بەهۆی سەختی نەخۆشییەکەی یان تەمەن کەمی(منداڵ) نەیتوانی ئیمزا بکات.

**دەیەم: ئاڵۆزیە ئاساییەکان**: ئەو ئاڵۆزیانەن کە لەوانەیە لەکاتی چارەسەردا ڕوو دەدەن و لە پەرتوك وتۆمارە پزیشکیەکاندا باسکراون، ناکەونە بواری هەڵەی پزیشکییەوە.

**یازدەیەم: هەڵەی پزیشکی**: ئەو ئاڵۆزییە نەخوازراوانەن کە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی پیشەی یان تەکنیکی، یا ناشارەزایی یان گرنگی نەدان ڕوودەدەن، کە ناگونجێن لەگەڵ یاساکانی پیشەی پزیشکی و چارەسەرکردندا، کە دواتر دەبنە هۆکاری زەرەر وزیان و پەککەوتەیی و مردنی نەخۆش .

**دوانزەهەم: ڕێسای پیشە**: ڕێسای کاری چارەسەری پزیشکی و تەندروستی دەگرێتەوە کە لە هەرێمدا پەیڕەو دەکرێ.

**سیانزەهەم: هێزی کاری تەندروستی**: هەموو کەسێك دەگرێتەوە کە کارو پیشەی پزیشکی و تەندروستی بکات، بەپێی  یاسا کارپێکراوەکان و پەیڕەوکراوەکان.

**چواردەیەم: لیژنەی لێکۆڵینەوە**: لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پیشەیی تایبەتە لە وەزارەتی تەندروستی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی سەر بەوەزارەت پێکدەهێنرێت، بەمەبەستی بەدواداچوون و لێکۆلینەوە و گەیشتن بە ئەنجام لەو دۆسیە و کێشە یاسایانەی کە لەهەڵەی پزیشکی و تەندروستیەوە سەرهەڵدەدات، وە سەیری ئەو سکاڵایانە دەکات کە لەسەر ئەو هەڵانەدا تۆماردەکرێت .

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنمایە ئامانجی ئاسانکارییە بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای مافی نەخۆش وئەرکەکانی لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

**ماددەی (٣):**

پێویستە هەموو دامودەزگایەکی تەندروستی (گشتی یان تایبەتی) پابەند بێت بەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:** ڕێزگرتن لە کەرامەتی نەخۆش و پاراستنی مافەکانی بەپێی پێوەرەکانی مافی مرۆڤ و ئەو بەندانەی کە لە یاساکانی هەرێم هاتوون و جێبەجێ دەکرێن.

**دووەم:** هەڵواسینی لیستی(ڕێنمایی مافی نەخۆش و ئەرکەکانی)بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و بەو زمانەی کە لەهەرێمدا پەسەندە، لەشوێنێکی گونجاو کە نەخۆش و هاوەڵەکانیان بتوانن سەیری بکەن.

**سێیەم:** دەبێ نەخۆش بتوانێت کۆپیەك لە ڕێنمایی مافەکانی نەخۆش و ئەرکەکانی بەدەست بهێنێت.

**چوارەم:** دەبێ نەخۆش خزمەتگوزاری و چاودێری تەندروستی بۆ دابین بکرێت، وە بەو زمانەی کە خۆی دیاری دەکات، بۆیە لەکاتی پێویست دەبێت وەرگێڕی بۆ دابین بکرێت .

**پێنجەم:** ڕێزگرتن لە تایبەتمەندی نەخۆش و باری کۆمەڵایەتی و پاراستنی زانیاری و داتاکانی ناو فایلە تەندروستییەکەی،و دڵنیابوون لەپاراستنی نهێنی پەیوەندیەکانی ودەستەبەرکردنی ئاسودەیی بۆی.

**شەشەم:** پێویستە خزمەتگوزاری وەرگێڕان دابین بکرێت بۆ ئەو نەخۆشانەی کە ناتوانن لە زمانی پزیشکی چارەسەرکەر بگەن، لەوانە (کەڕوڵاڵ) وە ئەو کەسانەی (کوێر) و نابینان.

**حەوتەم:** دابینکردنی ڕێوشوێنی گونجاو و ئاسان، بۆ کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت، تاوەکو بەئاسانی لە باڵەخانەو دەزگاکانی تەندروستی هاتووچۆ بکەن، وە باشترین خزمەت بکرێن لە هەڵ ومەرجی گونجاودا.

**هەشتەم:** لەسەر هەموو دامودەزگا تەندروستیەکانە ئازادی بدەن بە نەخۆش، لە هەڵبژاردنی ئەو  دەزگا تەندروستیەی کەخۆی هەڵی دەبژێرێ بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری پزیشکی و تەندروستی.

**نۆیەم:** ئاگادارکردنەوەی نەخۆش یان خێزانەکەی یان نوێنەری یاسایی تایبەت لە هەموو شتێکی پەیوەندیدار بە نەخۆش، لە ڕووی دیاریکردن و پلانی چارەسەر و جێگرەوەکانی، و تایبەتمەندیەکانی هەریەك لە ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان و مەترسیەکان یان ئالۆزییە گونجاوەکان، و بەکارهێنانی دەستەواژە و وشە  بەتایبەتی لە کاتی گواستنەوەیدا لە نێوان یەکەکانی دەزگاکە،

یان لە ژووری چارەسەرکردن یان نەشتەرگەری و چاودێریکردنی ،لە کەش و هەوایەکی سەلامەت و بێ بەرامبەر لە هەر جۆرە پێشێلکارییەك.

**دەیەم:** دامەزراوە تەندروستییەکان و پزیشکەکان و کارمەندانی تەندروستی، دەبێ پابەندبن بە دڵنیایی لە بەرامبەر هەڵەی پزیشکی، سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی دارایی لە حاڵەتی جێبەجێ کردنی یاسای بیمەی تەندروستی لە هەرێم.

**یازدەهەم:** پێویستە دامەزراوەی تەندروستی بەڵگەنامەی (مافی نەخۆش) جێبەجێ بکات، وە نەخۆش و خێزانەکەی لە مافەکانی ئاگادار بکاتەوە پێش دابینکردنی چاودێری پزیشکی.

**ماددەی (٤):**

جگە لەو مافانەی کە لە یاسای مافەکانی نەخۆش وئەرکەکانی دا هاتووە، لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠دا لە هەرێمی کوردستان، نەخۆش ئەو مافانەی خوارەوەیان هەیە:

١- مافی نەخۆشە زانیاری تەواوی بەدەست بگات و تێبگات بەشێوەو زمانێکی ئاسان لەلایەن تیمی پزیشکی چارەسەرکەر، دەربارەی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەی، و سیستەمی چارەسەری پیشنیارکراو، چارەسەری جێگرەوە و، ئەگەری سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی چارەسەریەکەی، هەروەها خەسڵەتی چارەسەری و ترسناکی ئەگەر هەبێت، وە گیروگرفتی چاوەروانکراوی کاتی چارەسەرکردن و یا کەمتەرخەمی، بۆیە رەزامەندی نەخۆش بە شێوەی نوسراو پێوستە هەبێت لەلایەن دەزگای تەندروستی لەکاتی پێویستدا.

٢-نەخۆش مافی ئەوەی هەیە هۆشیاری و رێنمایی بەدەست بێنێت دەربارەی چارەسەرکردن، بۆ ئەوەی بتوانێت مافی خۆی جێبەجێ بکات بۆ بەشداریکردن و بڕیاردانی جیاکردنەوەی نێوان بژاردەکانی بەردەست پەیوەست بە چارەسەریەکەی، وەمافی ئەوەی هەیە چارەسەر ڕەت بکاتەوە یان داوای کەمکردنەوە ئازار بکات بەشێوەیەکی کاریگەر.

٣-نەخۆش مافی ئەوەی هەیە داوای ڕاپۆرتی پزیشکی و کۆپیەکی شیکردنەوەی پشکنینی بکات، وەچێژ لە تایبەتمەندییەکە وەربگرێت لە دەزگا تەندروستیەکە، وەك هەموو شیکردنەوە و ڕێکار وچارەسەرەیەکان، وە ئەمانەش وەك زانیاری پارێزراو دەبن، مەگەر لەلایەن نەخۆشەوە رەزامەندی وەربگیرێت ئەویش بە نوسین رێگا بدات ئاشکرا بکرێن، یا خود لەلایەن دەسەڵاتێکی دادوەری داوابکرێت یا بەپێی یاسا داوابکرێت.

٤-دامەزراوە تەندروستییەکان پابەندن بە دانانی پێشینەی دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی، لەپێشوازی فریاکەوتن و دواتر چارەسەرکردنی کێشە دارایی و ئیدارییەکان.

٥- پێویستە دامەزراوە تەندروستییەکان نیشانەی ڕێنوێنی و ئاڕاستەکردن دابنێن لە نێو بەشەکانی نەخۆشخانە و سەنتەرەکان، بۆ ئەوەی نەخۆش و هاوەڵەکانیان بە ئاسانی بگەنە شوێن و بەشەکانی دەزگا تەندروستییەکان.

٦-پێویستە دامەزراوە تەندروستییەکان پێشوازی لە نەخۆش و هاوەڵەکانیان بکەن، وە باشترین خزمەتگوزاریان بۆ دابین بکەن و ڕێز لە ماف و ئازادییەکانیان بگرن و ئازارەکانیان کەم بکەنەوە .

٧-پێویستە دامەزراوە تەندروستییەکان تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێت ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر، بۆ پاراستنی کەلوپەلی نەخۆش لەوکاتەی کە لە ناو دامەزراوەی تەندروستیە، وە پێویستە نەخۆش بپارێزرێت لە هەر دەستدرێژییەك.

٨-پێویستە دامەزراوە تەندروستییەکان ڕێز بگرن لە بیروباوەڕی ئایینی نەخۆش و باکگراوندی کلتوری ولایەنە کۆمەڵایەتیەکانی، تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێت لەوانەش:

- نەخۆش ئارەزوو بکات کەسێکی تر لەگەڵی ئامادەبێت لەرەگەزی خۆی بۆ پشکنین و چارەسەری.
- ئاشکرانەکردنی هەموو لەشی نەخۆش، تەنها ئەگەر بۆ پێوستی پشکنینی پزیشکی و ڕێکاری چارەسەری بێت.
- داواکاری نەخۆش لە گواستنەوەی لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر بەهۆی بارودۆخێك کە پێویستی بەگواستنەوەی هەبێ.
- لەبەرکردنی ئەو جل و بەرگەی کە گونجاوە لەگەڵی، ئەگەر ئەوە ناکۆك نەبێت لەگەڵ مەرجەکانی پشکنین و چارەسەرکردن.
- پەیوەندی کردن بە زانای ئاینی بۆ دڵنەوایی ئەگەر پێویست بکات.

٩-نەخۆش مافی ئەوەی هەیە، ناسنامە و لێهاتوویی ئەو تیمە پزیشکی و تەندروستییە بزانێت ، کە چاودێری و خزمەتگوزارییەکانیان دابین دەکەن بۆی، وە پزیشك بەرپرسە لە چارەسەری و بەدواداچوونی باری نەخۆشەکە.

١٠- نەخۆش مافی هەڵبژاردنی پزیشکی چارەسەرکەری هەیە، هەروەها دەتوانێ ڕای پزیشکێکی تر وەربگرێت.

١١- نەخۆش مافی ئەوەی هەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر ، باری تەندروستی ئێستای ، بژاردەکانی چارەسەر، مەترسییەکانی سەرهەڵدان لە چارەسەری، ئەنجامی چاوەڕوانکراو لە وەرگرتنی چارەسەر، ڕەتکردنەوەی چارەسەر، درێژی مانەوەی لەنەخۆشخانە .

١٢-نەخۆش مافی ئەوەی هەیە نرخی خەمڵێنراوی چارەسەرەکەی بزانێت.

١٣-پاراستنی نهێنی گفتوگۆ و ڕاوێژکردنی تایبەت بە باری نەخۆشی نەخۆش لەگەڵ راوێژکارانی تر دەبێ بپارێزرێت.

١٤-بەدەست هێنانی شوێنێکی گونجاو بۆ هێشتنەوەی کەلوپەلە کەسییەکانی نەخۆش.

١٥-بەدەست هێنانی چارەسەری دروست و بەردەوامبوونی لە دوای دەرچوون لە نەخۆشخانە.

**ماددەی (٥):**

وەزارەتی تەندروستی پابەندە بە، وەرگرتنی سکاڵا لە نەخۆش یان میراتگرەکانیان یان ئەوانەی کە بە شێوەیەکی یاسایی نوێنەرایەتیان دەکەن، وە وەڵامی ئەنجامی سکاڵاکانیان بە نووسراو بداتەوە.

**ماددەی (٦):**

نەخۆشی بیانی و دەرەوەی هەرێم و عێراق، هەمان ماف و ئەرکیان هەیە کە لە یاسای (مافەکانی نەخۆش و ئەرکەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق) دا هاتووە.

**ماددەی (٧):**

وەزارەتی تەندروستی هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی پەیڕەو ڕێنمایەك لە (یاسای مافەکانی نەخۆش وئەرکەکانی) بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، بۆ ئەوەی بە سەر سەرجەم دامەزراوە تەندروستییەکانی هەرێمدا بڵاوی کاتەوە (نموونەیەك لەم ڕێنماییانەی پێوە هاوپێچ دەکرێت).

**ماددەی (٨):**

ئەم ڕێنماییانە لەسەر هەموو دامەزراوە تەندروستییە گشتی و تایبەتەکان جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی (٩):**

ئەوانەی پێشێلی بەندەکانی ئەم ڕێنمایە دەکەن بەپێی یاسا و ڕێسای پەیڕەو کراو لەهەرێم سزا دەدرێت، ئەمەش ڕێگر نییە لەسەپاندنی سزای تاوان و پێبژاردنی دارایی، یان هەر سزایەکی تر لەلایەن وەزیرە وە، کە بەیاسا دیارینەکراوە بەپێی یاسای تەندروستی گشتی ژمارە ٨٩ لەساڵی ١٩٨١ و یاسای بەرزەفت کردنی فەرمانبەران ژمارە (١٤) بۆ ساڵی ١٩٩١ هەموارکراو.

**ماددەی (١٠):**

تەنها سکاڵاکانی پەیوەست بە هەڵەی پزیشکی بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوەی پیشەگەری تایبەتمەند لە هەڵەی پزیشکی ڕەوانە دەکرێت، وە ئەگەر سکاڵای تر هەبێت لە ڕێکاری کارگێری و دارایی یان پابەندییەکانی پەیوەندیدار بە دامەزراوەی تەندروستی، ئەوا بە پێی ڕێکارە ئاساییەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی کە پەیڕەوی دەکەن لە مەسەلە ئاساییە نا پزیشکییەکان.

**ماددەی (١١):**

هەموو دامەزراوەیەکی تەندروستی پابەندە بە گرتنەبەری میکانیزمی کرداری، بۆ چارەسەری سکاڵای نەخۆش و پێشنیارەکان و خوێندنەوەیان، دەبێ ئاسانکاری کرداری بگریتەبەر بۆ جێبەجێکردنیان وە بەرچاو ڕوونی بداتە نەخۆش لەو قۆناغ و کردارانە.

**ماددەی (١٢):**

ئەگەر نەخۆشەکە ئارەزووی هەبێت بەشداری بەرنامە توێژینەوەیەکان یان زانستییەکان بکات، یان بەشداری لە ڕاپرسیدا بکات، ئەوا دەبێت دەزگای تەندروستی فۆرمێکی پێشوەخت ئامادە بکات، کە هەموو وردەکارییەکان و دەرئەنجامەکان لە خۆ بگرێت، وە سەلامەتی نەخۆشەکە مسۆگەر بکات و تایبەتمەندی نەخۆش بپارێزێت، وە لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت نەخۆش ناچار بکرێت بە زۆری لەبەشداریکردندا.

**ماددەی (١٣):**

پێویستە دامەزراوەی تەندروستی پابەند بێت بە پێوەری مرۆیی و ئەخلاقی و پزیشکی و تەندروستییەکان ، لە ئەگەری ئەوەی نەخۆش بکەوێتە بەر بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوە.

**ماددەی (١٤):**

پێویستە کادیری پزیشکی تایبەتمەند ئامادەبێت وبەشداربێت، لەلێکۆڵینەوە و توێژینەوەی تایبەت بەدۆخی تەندروستی ئەو نەخۆشەی کە لەژێر توێژینەوەدایە.

**ماددەی (١٥):**

نەخۆش مافی خۆیەتی لە هەر قۆناغێکدا بێت لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بکشێتەوە ، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر بەدواداچوون و چارەسەری باری پزیشکی و تەندروستی هەبێت.

**ماددەی (١٦):**

هەر دامەزراوەیەکی تەندروستی کە نەشتەرگەری (منداڵی بلوری) ئەنجام دەدات ، وە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە مۆڵەتی پێ دراوە، دەبێت فۆرمێکی تایبەت ئامادە بکات کە ئەو مەرجانەی تێدابێت: چۆنیەتی بەردەوامبوونی نەشتەرگەریەکە و ڕێوشوێنەکانی پەیڕەوکراو و ئەنجامەکانی نەشتەرگەریەکە و ژمارەی ڕێگە پێدراو. وە دەبێت تێنوسێکی تایبەت بۆ هەر نەخۆشێك بکاتەوە وزانیاری تۆماربکات.

**ماددەی (١٧):**

ئەگەر نەخۆشەکە بیەوێت و ئارەزووی هەبێت ئەندامێکی جەستەی خۆی ببەخشێت، یان پشکنینی پزیشکی لەسەرئەنجام بدرێت، ئەوا ئەمە تەنها بە واژۆی نووسراوی نەخۆشەکە و بە ئامادەبوونی خێزانەکەی یان باوەرپێکراو و نوێنەری یاسایی دەشێ بکرێت.

**ماددەی (١٨):**

**یەکەم**: پرۆسەی بەخشین یان ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لەسەر جەستەی نەخۆش بە پڕکردنەوەی فۆرمێکی تایبەت دەبێت، بەمەرجێك ئەمانەی خوارەوەی تێدابێت:

- ناو، تەمەن، و ڕەگەزی نەخۆش.
- دۆخی پزیشکی و تەندروستی نەخۆش و قۆناغەکانی چارەسەری.
- ئەندام یان ئەو ئەندامەی کە دەیبەخشێت بە مەبەستی چییە .
- پێویستە بۆ بەخشەر ڕوونبکرێتەوە چۆن بەخشینەکە و تاقیکردنەوەکە ئەنجام دەدرێت ودەرەنجامەکان و کاریگەرییە لاوەکییەکانی ئێستا و داهاتووی چی دەبێت .
- کارمەندانی پزیشکی و تەندروستی بۆ ئەو مەبەستە ئامادەبکرێن.
- ئیمزا و پەنجەمۆری نەخۆش و نوێنەری یاسایی یان کەسی نزیکی نەخۆش پێویستە هەبێت، ئەگەر ئەوانە نەکرا دەبێ لێکۆڵەری دادی ئامادەبێت یان بە بڕیاری دادگا بکرێ.

**دووەم**: پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی تەندروستی تێنوس وتۆماری بەخشەر و زانیاری تەواویان لەسەر ئامادە بکات و مەبەستیش لەم بابەتە جۆری ئەندام و ئەندامی بەخشراوبێت.

**سێیەم**: ئەندامانی خێزانی نەخۆش مافی وەرگرتنی ڕەزامەندی ئاگادارکردنەوەیان هەیە بۆ بەخشینی ئەندام و شانەی نەخۆش.

**چوارەم**: هەر نەخۆشێك مافی ئەوەی هەیە کە چاندنی ئەندامێکی جەستەی بۆ بکرێت بێ بەرامبەر، بەمەرجێك ناوی لە لیستی نەخۆشانی وەرگری ئەندامی بەخشەر هەبێت، کە پێویست بکات ئەندامێکی بۆ بچێنرێت .

**پێنجەم**: پرۆسەی بەخشین بێبەرامبەرو بێ قازانجی تاکەکەسی یە ، بەپێی یاسای (بەخشین و گواستنەوەی ئەندامی جەستەی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٨ یە.

**ماددەی (١٩):**

١- سەرەڕای ئەو مافانەی لەم ڕێنماییانەدا هاتووە، پێویستە دامەزراوە تەندروستییەکان پابەند بن و مافی نەخۆشانی منداڵ دابین بکەن:

- پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی تەندروستی بەشێکی تایبەت بە پزیشکی منداڵان ئامادە بکات، کە بە هەموو ئامێرە پزیشکی و ئامێرە تەندروستییەکان و پێداویستییە تایبەتەکان کە گونجاون لەگەڵ ژینگەی منداڵ ئامادە بکات.
- دابینکردنی کارمەندی تەندروستی و پزیشکی تایبەت بەبواری پزیشکی منداڵان.
- دابینکردنی کارمەندی خزمەتگوزاری، کە تایبەتن بە چاودێری و خاوێنکردنەوەی ژووری تایبەت بۆ منداڵانی نەخۆشی تازە لەدایکبوو.
- دیارکردنی تەمەنی یاسایی منداڵی نەخۆش، کە ئەو تەمەنە ڕێگە پێدراو بێت بۆ سەردانی کردنی دامەزراوە تەندروستیەکان تایبەت بە منداڵان و لەوێ بخەوێنرین و چارەسەر وەرگرێت.
- ڕێگە بەکەسی یاوەری نەخۆشی منداڵ دەدرێت لەگەڵی بێت، لەکاتی پشکنین و چارەسەردا لە دەزگا تەندروستیەکاندا.
- بە زمانی سادە وئاسان پەیوەندی و گفتوگۆ لەگەڵ منداڵی نەخۆشدا بکەن، و دۆخی ئەو بە شێوەیەك ڕوون بکەنەوە کە ڕەچاوی تەمەنی منداڵەکە بکات.
- پەیوەندی کردن لەگەڵ خێزانی منداڵەکە و ئاگادارکردنەوەیان لە قۆناغی چارەسەر و باری تەندروستی منداڵەکە، پێویستە پابەند بن بە ڕێنمایی و ڕێساکان.
- پێویستە لەسەر هەموو دامەزراوەیەکی تەندروستی، هەوڵبدات خاوێنی هۆڵەکان و ژوورەکانی ئامادەکراو بۆ منداڵانی نەخۆش، و شوێنی پشکنین و تاقیگەکان و بەشەکانی تیشکناسی و شوێنە تەندروستییەکان بپارێزێت، و ڕۆژانە دەرمان ڕشێن (تعقیم) بکات.
- بەپێی ڕێنماییەکانی پزیشك پێویستە خواردنی تایبەت ئامادە بکەن کە گونجاو بێت بۆ تەمەنی منداڵانی نەخۆش.
- دابینکردنی زەمینەو ئاسانکاری پێویست بۆ کەسوکاری منداڵی نەخۆش بەپێی توانا، لەگەڵ بەرژەوەندی منداڵە نەخۆشەکەو قۆناغەکانی چارەسەری بگونجێت.
- لەسەر هەموو دامەزراوەیەکی تەندروستی پێویستە، ئەگەر پێویست بکات ڕاهێنانی ئاسایی بە کارمەندەکانی بکات، لەسەر بارودۆخی تایبەت بە پزیشکی منداڵان، وچۆنیەتی مامەڵەکردن و گرنگیدان بە منداڵە نەخۆشەکان.
- بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کەس و کاری منداڵەکە، ئەگەر دەستێوەردانی پزیشکی- نەشتەرگەری یان دامەزراندنی ئامێرە پزیشکییەکان لە جەستەیدا پێویست بێت. وە بۆ ئەو منداڵانەی لە خانەی چاودێری دەژین پێویستە ڕەزامەندی بەرپرسی خانەکە وەربگیرێت کە منداڵەکەی لەلایە.
- دابینکردنی کەلوپەل بۆ بەشی تایبەتی منداڵە نەخۆشەکان بەو پێداویستیانەی کە منداڵەکە پێویستی پێیەتی، وەك جلوبەرگ و (دایبی) و ئەو ئامرازانەی کە بۆ خواردن و پاککردنەوە و ئارامکردنی منداڵان بەکاردەهێنرێن، ئەگەر بەتایبەت منداڵی بچوك و شیرەخۆرەی هەبێت.

**٢- نەخۆشە بەساڵاچووەکان:**

- پێویستە شێوازی ئاسانکاری تەندروستی ڕەچاو بکرێت لە ناو باڵەخانەی دامودەزگا تەندروستیەکاندا، وە گونجاو بێت بۆ هاتووچونی بەتەمەنەکان(دەروازەی چونە ژورەوەی دەزگاکان، و دەروازەی نۆرینگەکان و ڕاڕەوەکان بەڕادەی پێویست فراوان بن بۆ تێپەڕاندنی کورسی نەخۆش، وە پێویستە شوێنی خۆپێگرتن هەبێت لە قاندرمە و دیوار و توالێتەکاندا )
- دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی خۆپاراستن و چارەسەرکەر و ئاوەدانی بۆ بەساڵاچووان بگونجێت لەگەڵ پێداویستیە تەندروستیەکانیاندا .
- لەدابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستیدا پێویستە پێشینە بدرێتە کەسە بەتەمەنەکان، لە چوونە ژوورەوەیان بۆ ناو دەزگای تەندروستی تاوەکو دەرچوونیان، وەك(کەمکردنەوەی کاتی چاوەڕوانی بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی و ئاسانکردنی ڕێکارەکانی وەرگرتنی خزمەتگوزاری)

**٣- ئەو نەخۆشانەی کەمئەندامن:**

- دابینکردنی چاودێری تەندروستی بۆ کەم ئەندامان لەسەر بنەمای ڕەزامەندی ئازاد و روون.
- دابینکردنی پێداویستییەکانیان لە ئامراز و کەرەستەی پزیشکی.
- یەکسانی لە هەموو مافە تەندروستییەکان بەبێ جیاوازی.
- ئامادەکردنی باڵەخانەی دامو دەزگاکانی تەندروستی بەهەموو بەشەکانیەوە، بۆ ئەوەی کەمئەندامان بەئاسانی بتوانن هاتووچۆ بکەن و پێی بگەن هەتا بکرێت.
- دابینکردنی پشتیوانی تەواو و پاراستنی کەرامەتیان و هەموو مافەکانیان.
- ئاسانکردنی گەیشتنیان بە خزمەتگوزاری تەندروستی (چارەسەرکردن و چاککردنەوەیان).
- پاراستنیان لە بەکارهێنانیان و استغلال کردنیان، وە لە توندوتیژی بەرامبەریان.

**٤- تووشبووانی شێرپەنجە:**

أ- مافی تەندروستی گشتی بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە:

- نەخۆش بەتەنیا مافی ئەوەی هەیە کە دەستنیشانکردنەکە بزانێت، ئەندامانی خێزانەکەی مافی ئەوەیان نییە کە دەستنیشانکردنەکە بزانن، بەبێ ڕەزامەندی نەخۆشەکە.
- نەخۆشەکە مافی خۆیەتی سکاڵا تۆمار بکات ئەگەر دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکەی ئاشکرا بکرێت بەبێ ڕەزامەندی نوسراوی خۆی.
- بەتەنیا مافی نەخۆشی توشبوو بە شێرپەنجەیە پیاو و ژن (گەورەو عاقل بێت)، بڕیار بدات و ڕەزامەند بێت لەسەر وەرگرتنی چارەسەری کیمیاوی و تیشك، ڕەزامەندی سەرپەرشتیارو (ولی) ناوی.
- بە تەنیا نەخۆشی توش بوو بەشێرپەنجە مافی ئەوەی هەیە ڕەزامەندی بدات لە چارەسەری بە نەشتەرگەری، وەك لابردنی گرێ و مەمك، پێویستی بە ڕەزامەندی سەرپەرشتیارو ( ولی) نیە.

ب-مافی تەندروستی نەخۆشانی شێرپەنجە لە منداڵ دروستکردن:

- نەخۆشی شێرپەنجە مافی ئەوەی هەیە کە هەموو زانیارییەکی دەربارەی نەخۆشییەکەی بزانێت.

• نەخۆشی شیرپەنجە مافی ئەوەی هەیە کە بزانیت، کاریگەری شێرپەنجە یا چارەسەرەکانی شێرپەنجە لەسەر پیتاندن و هەڵی منداڵبوونیان لە داهاتوودا چۆنە.

• مافی نەخۆشی شێرپەنجەیە بزانیت گرنگی سەردانیکردنی پزیشکی تایبەت بەنەزۆکی چی یە، وە پێویستە ئەو نەخۆشانە بۆ ئەو پزیشکانە بنێردرێن پێش دەستکردن بە چارەسەری کیمیاوی، بۆ زانینی رێگاکانی پێویستی منداڵ نانەوە.

• نەخۆش مافی ئەوەی هەیە کە بنەماو یاساکانی رێکخراوی شرعی و فقهی بزانێت، لەسەر نانەوەی منداڵ بەهەموو رێگاکانی باو بۆ نانەوەی منداڵ ، چ بەشێوازی پیتاندن لە ناوەوەی رەحم بێت یا خود لەدەرەوەی رەحم بێت.

ج- سکپڕی و شێرپەنجە:

• نەخۆشی تووشبوو بە شێرپەنجە مافی ئەوەی هەیە بزانێت، کە لە داهاتوودا شانسی دووگیانبوونی هەیە یا نا، وە کەی دەتوانێت دووگیان بێت.

• ئافرەتێک کە سکپڕ بێ تووشی شێرپەنجە بێت، یا دەستنیشانی نەخۆشی شێرپەنجە بکرێت و دووگیان بێت، مافی هەیە سەرپەرشتی بکرێت لەلایەن تیمیکی پزیشکی تایبەت لە پزیشکانی شێرپەنجەو گرێ و لەدایک بوون و منداڵان، هەروەها مافی هەیە گفتوگۆ بکات دەربارەی لایەنی رەوشتی شەرعی بەپێی دۆخەکە.

• هاوسەرەکان مافی بەشداریکردنیان هەیە لە پرۆسەی بڕیاردانـدا دوای پیشکەشکردنی هەموو زانیاریەکان دەربارەی تەندروستی بۆ ئەوەی باشتر بتوانن بریار بدەن.

د - مافی نەخۆشانی شێرپەنجە لە کارکردندا:

• نابێت نەخۆشی شیرپەنجە جیابکرێتەوە یا لەکار دوور بخرێتەوە هەتا خۆی توانای کارکردنی هەبێت

• خاوەنکار مافی داواکردنی زانیاری نییە سەبارەت بە دۆخی تەندروستی نەخۆش، دەبێت رەزامەندی نەخۆش وەربگیرێت.

• نەخۆش مافی هەیە مۆڵەتی پێ بدرێت لە ڕۆژانی وەرگرتنی چارەسەری کیمیاوی نەشتەرگەریدا.

هـ- مافی ئەنجامدانی پشکنینی بۆماوەیی:

• نەخۆشی شێرپەنجە مافی ئەوەی هەیە زانیاری پێویست دەربارەی ڕۆڵی فاکتەری بۆماوەیی(خێزانی) بزانێت و بۆی دابین بکرێت.

• دەبێ رەوانەی پزیشکی تایبەت بەو کارە بکرێت، ئەگەر مێژووی خێزانی دەربارەی ئەو نەخۆشیە هەبێت وە خێزانەکەی داوا بکات.

• نەخۆشی ژن مافی خۆیەتی ئەو بڕیارانە بزانێت کە لەئەنجامی پشکنینی بۆماوەیی بۆی دەکرێت پێش دەستپێکردنی، زانیاری تەندروستی یارمەتی ئەو ژنە دەدات بۆ وەرگرتنی بڕیاری گونجاو بۆ خۆیی و خێزانەکەی.

و- مافی نەخۆشانی شێرپەنجە بۆ چارەسەرکردنی ئازار:

• نەخۆشانی شێرپەنجە مافی تایبەتیان هەیە لەقۆناغی پێشکەوتودا، چارەسەری کەم کردنەوەی ئازار وەربگرن بۆئەوەی بژین وبمرن بەئاسودەیی.

• مافی ئەوەی هەیە کە بەشداری لە بڕیاری تایبەتی پزیشکیدا بکات، بۆ چارەسەرکردن وکەمکردنەوەی ئازارەکەی، وە توانای ئەوەی هەبێ هەموو ئەگەرێك هەڵبژێرێت.

ز- مافی وەرگرتنی چارەسەری ئاسودەیی :

• نەخۆشەکان مافی ئەوەیان هەیە کە لە قۆناغی کۆتایی نەخۆشیدا چاودێری تایبەت بکرێن.
• نەخۆشەکان مافی پشتگیری دەروونی و ئاینیان هەیە.

ح- مافی نەبوژاندنەوەی سییەکان:

• مافی نەخۆشە بەپێی دۆخی تەندروستی لە ڕووی پزیشکییەوە پێی بگوترێت کە حالەتی چۆنە، وە لەرووی شەرعەوە بۆی باس بکرێت ئەگەر بگونجێت.
• نەخۆش مافی ئەوەی هەیە بەنەرمی و میهرەبانی وئاسودەیی ڕەچاوی باری تەندروستی بکرێت، وە پێی رابگەینرێت بەپێی تەمەن و باری تەندروستی و دەروونی ، ئەوەش بەشارەزایی پزیشك دەردەکەوێت کە چەند نەخۆش دەتوانی تێبگات لە باری تەندروستی خۆی و چەند دەتوانی ئەو زانیاریە وەرگرێت.
• نەخۆش مافی خۆیەتی بڕیاربدات یا رێپێدان بداتە کەسێکی تر لە جیاتی خۆی بەنوسین.

ت- مافی نەخۆشی گەنجی تووشبوو بە شێرپەنجە:

• مافی خۆپاراستن: لە رێگەی رۆشنبیرکردنیان دەربارەی نەخۆشی شێرپەنجە و بەرنامەی زوو دەستنیشانکردنی.
• مافی خێرای دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی ئەو بارانەی کەگومانلێکراون و پشتڕاستکراوەن.
• مافی هەیە پزیشکی شارەزاو پسپۆری تایبەتی کارامەیان بۆ دابین بکرێت، کە شارەزاییەکی بەرچاویان هەبێت لە چارەسەری شێرپەنجە بۆ ئەو تەمەنانە.
• بەدەستهێنانی پشتیوانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و میهرەبانی، لە لایەن ئەو پزیشکە پسپۆڕانەوە بۆ ئەو گەنجە نەخۆشانە.
• پاراستنی زانیاری ئەو نەخۆشانەو پێدانی راوێژ، دەربارەی کاریگەری درێژخایەن و کورت خایەن لەسەر منداڵ نانەوەو ، کاریگەری شێرپەنجە و چارەسەری لەسەریدا.

**٥- ئەو نەخۆشانەی بەهۆی نەخۆشی دەروونییەوە دەناڵێنن:**

• پاراستنیان لە هەموو شێوازەکانی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی و زمانەوانی نەشیاو و زبر بەرامبەریان.
• نابێ ئازادییەکانیان سنوردار بکرێت بە هیچ شێوەیەك، یان نابێ دابنرێن لە ژورێکی تەنهاو لاوەکی بەبێ هۆکاری پزیشکی.
• دابینکردنی خزمەتگوزاری چارەسەری بە ئاسانی بۆیان ، بە تەرخانکردنی کلینیکی و عیادەی پزیشکی دەروونی لە دامودەزگا تەندروستیەکاندا.

- هیچ کەسێك نابێت ناچار بکرێت بە پشکنینی پزیشکی، بە مەبەستی دیاریکردنی نەخۆشی دەروونی، کە ئایا نەخۆشی دەروونی هەیە یان نا، جگە لە رێکارێك کە لەلایەن دەسەڵاتی دادگاوە رێگەپێدراو و لەبار بێت.
- دەبێ راپۆرتی نەخۆشی دەروونی بە ستانداری نێو دەوڵەتی و پەسند بێت، دەبێت ئەو راپۆرتە لەسەر بنەمای راستگۆیی و پەیوەندی بە باری تەندروستی و دەرونی نەخۆشەکەوە هەبێت. کاتێك نەخۆش لە بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانەی دەروونی چارەسەر وەردەگرێت بە توش بوون بەنەخۆشی دەروونی هەژمارناکرێت.
- لەکاتی وەرگرتنی چارەسەر لەنەخۆشخانەیەکی دەروونیدا، نەخۆشەکان مافی ئەوەیان هەیە هەر چەند بکرێت لەنزیك ماڵی خۆی یا کەسوکاری چارەسەر وەربگرن، وە بەزووترین کات بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگە.
- پێویستە بەکەمترین بارودۆخ ئازادی و سەربەستی نەخۆش دەستەبەر بکرێت.
- هەر نەخۆشێك دەبێ لەسەر بنەماو پلانی تایبەت و گونجاو و پێشینە چارەسەر بکرێت، گفتوگۆی لەگەڵ دەکرێ و تەماشای دەکرێتەوە بەرێك و پێکی ، ئەوەش گۆرانکاری بەسەر دادێت بەپێی پێشکەوتنی باری دەروونی و وەرگرتنی چارەسەری گونجاو.
- نابێ بە هیچ شێوەیەك نەخۆشی دەروونی نەزۆك بکرێت، واتا( قەدەغە بکرێت لە منداڵ بوون بەشێوەی یەکجاری) وەك چارەسەر بۆ نەخۆشی دەروونی، تەنها بە رەزامەندی لیژنەی تایبەت بە حالەتەکەی نەبێت.
- نابێ بەهیچ شێوەیەك پشکنین و تاقیکردنەوە لەسەر نەخۆشی دەروونی بکرێت بەبێ رەزامەندی خۆی وە دەبێ بزانێت ، تەنها ئەگەر نەخۆشەکە تێنەگات کەئەو تاقیکردنەوە بۆ حالەتی ئەو بەسودە.
- دەبێ دان بەکەسایەتی نەخۆشی دەروونی دابنرێت لە بەردەم یاسادا، وە تایبەتمەندیەکانی رەچاو بکرێ، وە ئازادی پەیوەندیکردن و مافی سەردانیکردن و سەرلێدانی هەبێ.
- رێز لە ئایین و بیروباوەڕەکانی بگیرێ:
- ژینگە و دۆخی ژیان لە نەخۆشخانە دەروونییەکان، پێویستە تا ئەو رادەیە نزیك بێت لە باری ژیانی ئاسایی کەسانی تەمەنی هاوشێوەیان.
- نەخۆشخانە دەروونییەکان دەبێ وەك دەزگای کات بەسەربردن بێت، نەخۆشەکان بتوانن چالاکی وکاتی خۆیان تێدا بەسەر ببەن، وەك فێربوون، وە شوێنی بازرگانی هەبێت بۆ فرۆشتنی کەلو پەلی رۆژانە تێدا، وە پەیوەندیکرن، وە شوێنێکی لەبار بێت بۆ ئەوەی نەخۆشی دەروونی ئەو کارەی تێدا بکات کە لەگەڵ پاشینەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بگونجێ، وە نابێ بەهیچ شێوەیەك نەخۆشی دەروونی کاری بەزۆری پێ بکرێت، دەبێ ئەو کارە بکات کە خۆی هەڵیدەبژێرێت یا دەیەوێ بیکات .
- ئەگەر پێویست بوو نەخۆشێك لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی چارەسەر بکرێت، پێویستە هەموو هەوڵێك بدرێت بەبێ ویستی خۆی نەبردرێتە ئەوێ.
- رێکاری چوونە ژوورەوەی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەیەکی دەروونی، هەمان شێوازی چوونە ناو هەر دەزگایەکی تری پزیشکییە بۆ چارەسەرکردنی هەر نەخۆشییەکی تر.

• هەر نەخۆشێك ببردرێتە نەخۆشخانەیەكی دەروونی بەبێ ویست و ئارەزووی خۆی، مافی ئەوەی هەیە ئەو نەخۆشخانە جێبهێلێت هەر كاتێك بیەوێ. بەمەرجێ یاسا و ڕێسای گرتن و دورخستنەوەی نەخۆش نەیگرێتەوە كە بە زۆری دەبێ دەستەبەربكرێن بەو یاسایە.

• نابێ هیچ كەسێك بەبێ ویستی خۆی ببردرێتە نەخۆشخانەی دەروونی، بە گومانی ئەوەی كە نەخۆشی دەروونی هەیە لەوێ بمێنێتەوە دەستەبەر بكرێت وەك نەخۆشی دەروونی، بۆیە پێویستە پزیشكێكی تایبەت بەنەخۆشی دەروونی پسپۆر لەو بوارەدا و بەپێی یاسا ڕێگا پێدراو بێت بەو كارە هەڵسێت، بریاری ئەو پزیشكە ڕێگەپێدراوە كە ئەو نەخۆشە نەخۆشی دەروونی هەیە، ئەو بارانەی خوارەوەش دەبینێت:

أ- بریار بدات كە بەهۆی ئەو نەخۆشییە دەروونییە ئەگەری ئەوە هەیە، ئەو نەخۆشە زەرەرو زیان بگەیەنێت یا دەیگەیەنێت بەخۆی یا بەكەسانی تر.

ب- ئەگەر نەنێردرێت بۆ نەخۆشخانەیەكی دەروونی یان لە نەخۆشخانەیەكی دەروونیدا دەستبەسەر نەكرێت ئەوا حاڵەتەكەی بەجدی تێكدەچێت، یان پزیشك دەگاتە ئەو باوەڕەی كە ناتوانێت چارەسەری بدات بەو نەخۆشە ئەگەر لەنەخۆشخانەی دەروونی نەبێت.

ج- راوێژكردن بە پزیشكێكی تری راهێنراوی دووەم جگە لەپزیشكی یەكەمی نەخۆشەكە، بۆ نەخۆشی دەروونی لەبواری تەندروستی دەروونیدا، جیایە لەگەڵ پزیشكی چارەسەركەری یەكەم ، ئەگەر ئەو راوێژەش روویدا نابێ و ناكرێ ئەو كەسە لەنەخۆشخانەی دەروونی دابنرێت بەبێ ویستی خۆی، تەنها دەبێ رەزامەندی لیژنەی پزیشكانی تایبەت بە نەخۆشیە دەروونیەكانی هەبێت بۆ ئەو كارە.

٦- **ئەو نەخۆشانەی كە نەخۆشی كەمی بەرگرییان هەیە (ئایدز):** مافی نەخۆشی ئایدز هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ مافی نەخۆشانی تر بەگشتی، وەدەبێ گرنگی بەو خاڵانەی خوارەوەش بدرێت:

أ- مافی نەخۆشی ئایدزە رێزی بگیرێت و گفتوگۆی لەگەڵ بكرێت ...هتد.

ب- دەبێ رەچاوی تایبەتمەندییەكان و نهێنی ئەو نەخۆشە بكرێت زۆر بەبەرزی، لەگەڵ ئەوەش ژن و مێرد مافی ئەوەیان هەیە كەبزانن كامیان توش بوو و هەڵگری ئەو ڤایرۆسەیە.

ج- مافی نەخۆشی ئایدزە تۆمار و تێنوسی پزیشكی خۆی ببینی و داوای كۆپیەك لە تۆمارو تێنوسە پزیشكیە بكات.

د- نەخۆشی توشبوو بە ئایدز مافی ئەوەی هەیە كاتی تایبەت و دیاریكراویان بۆ دابین بكرێت لەلایەن تیمی پزیشكی، لەهەموو قۆناغەكانی دەستنیشانكردن و چارەسەری، بۆ رۆشنبیركردنی نەخۆش و تێگەیاندنیەتی، دەربارەی چۆنیەتی دەستنیشانكرنەكەو پلانی چارەسەركردن و ئاڵۆزی و خراپیەكانی، وە چارەسەری جێگرەوە بەپێی باشترین و نوێترین ڕێگاكان و شێوازی پزیشكی.

**ماددەی(٢٠):** ئەم رێنماییە كاری پێدەكرێت لەرۆژی بڵاوكردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان)

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**